


**نووسینی: دوکتۆر روئیا تلووعی**

**کچ وتی:**

کاتێك دڵنیا بووم خۆشەویستەکەم چووە بۆ داواکاری ئەو کچەی تر، ئێجگار خەمبار بووم. وتم خۆم دەسووتێنم. مامم وتی چاوت دەرێ!

برا گەورەکەم کە هەمیشە وا لێمی دەدا کە چەند رۆژ لە جێگادا دەکەوتم، وتی: عورزەت هەیە بیکە. رووم کردە برا چکۆلەکەم کە هەمیشە هاورێیی خەمەکانم بوو ئەویش وتی بەتوون، ماندوو بووم بە دەستەوە.

ئیتر دونیام لێ تاریك بوو. هاتمە دالآن. پووتە نەوتەکەم کرد بە سەر خۆمدا. شەمچەکەم هەڵکرد. هەر داوێنی کراسەکەم گرتی پەشیمان بوومەوە. بەڵام بۆم نەکوژایەوە. لە ناکاو هەموو لەشم بوو بە ئاگر...

ئاگرەکە وەها بوو کە هەستم دەکرد هەموو جیهان دەسووتێ. کە گرپەی دەکرد، ئاگام لە قرچە قرچی سووتانی پێست و قژەکانم بوو. هەڵدەهاتم، هاوارم دەکرد، خۆم لە تاو ئێش و ئازاری سووتانەکە بە دیوار و بە عەرددا دەدا. لە تاو ئێش بە پەنجەکانم دیوارەکەم دەڕنی...

**کچ وتی:**

پەشیمانم خۆمم سووتاند، بەڵام هەر خۆشم دەوێ...



(بۆ ئاگاداری خوێنەری هێژا تا ئەو ماوەی کچ لە نەخۆشخانەی تەوحیدی سنە بوو کوڕ نە سەردانی کردونە تەلفۆنی کرد بۆ هەواڵی عاشقی سووتاو)...

***

**ژن وتی:**

هەموو رۆژێکم گریان و لێدان بوو. مێردەکەم بە بچووکترین بیانوو بەرمشت و لەقەی دەدام. خاوەنی هیچ شتێکی ژیانم نەبووم. هیچ رووناکییەکم لە ژیانمدا بەدی نەدەکرد.چوار مانگ بوو شووم کرد بوو،مێردەکەم دەیوت نابێ لەگەڵ هیچ خزم و کەس و کارم پێوەندیم بێ.تەلفۆنەکەی لێم دادەخست.ئەو رۆژە زۆری لێدام و خۆی چووە دەر.لەوە پێش چوار جار تۆرابووم،بەڵام باوکم دەیناردمەوەو دەیوت دەبێ لەگەڵ مێردەکەت بژیت. بڕیارم دا ئازارەکانم بە دەستی خۆم بۆ هەمیشە تەواو کەم. مەرگ بۆم خۆشتر بوو لەو ژیانەی کە تا ئێستا بوومە.



پووتە نەوتەکەم کرد بە سەر خۆمدا. ئەوەندەم خۆش بوو تا شەمچەکەم هەڵکرد. گڕ بەر بووە گیانم. دنیام لێ بوو بە جەهەنەم. ئاگام لە دەنگی سووتانم بوو. پێستی هەر دوو دەستم وەك دەستکێش شۆڕ بۆوەو لە گۆشتەکەم جیا بۆونەوە...

ژن ناڵاندی:

ئای... ی...ی، خۆزگە زوو مردبووم، ئازاری سووتان زۆر دژوارە... دووعام بۆ بکە زوو رزگارم بێ.بەڵام دەنگم بە دنیا راگەیەنە با هەموو بزانن من لەداخی مێردەکەم خۆم سووتاند.

(بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز، دوای ماوەیەك ژن بە ئازارێکی زۆر و بە لە دەست چوونی گورچیلەکانیەوە مرد)

***



کاتێك دەچیتە نەخۆشخانە و سەردانی بەشی سووتاوەکان دەکەی، دەڕوانی کە زۆربەی نەخۆشەکانی

ئەم بەشە ژنانی سووتاون. ئەوانەی وا خۆیان سووتاندووە بە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکە لە سەرەوە دەکەن بە خۆیاندا، قژەکانی سەر تەوێڵیان و دەمووچاویان و دەستەکانیان و شان و ملیان و دەوری مەمکیان (جاری وایە کۆرسێتی بەریان ناهێڵێ مەمکەکان بسووتێن)، سك و بەشێك لە نێو رانیان سووتاوە. هەر وەها بە هۆی پرژانی نەوتەکە لە پشتیانەوە بۆ سمتیان و پشت رانیان ئەو دوو بەشەش لە پشتەوە دەسووتێ.

لە جیاتی رواڵەتی ئاسایی مرۆڤێك رواڵەتێکی سوور و قاوەیی و رەش و بلۆقاوی دەبینی. برۆ و برژانگ و قژەکان سووتاو و هەڵپرووزاون. لێوەکان دوای ماوەیەك لە چلکدا زەرد دەبێ و با دەکا. بە هۆی کزە کزی سووتاوی، ئەندامی لەشیان لە ژێر شتێکی وەك بێشکە بە پەتوو داپۆشراوە و ملافەیەك بەسەر مەمك و شان و ملیان دا دراوە. بەڵام دەستە سووتاوەکان وەك ئەو کەسانەی تەسلیم بوون زیاتر بە هەواوە رادەگرن و لە ماندوویی ماسیلکەکان ئەو دەست و قۆڵە سووتاوانە دەلەرزن. مرۆڤ لەو کاتەدا لە خۆی دەپرسێ ئەو ژنە



سووتاوە تەسلیمی چ چارەنووسێك بووە کە ئاوەها دوو دەستی حەوا داوە؟

دەنگی ناڵەی نەخۆشی سوتاو وەها لە ناخی دڵیەوە دێت کە لە مێشك و دڵی مرۆڤ ئەسەر دەکا. داخۆ چیرۆکی ژیانی ئەم تەسلیم بووە ناڵانە چی بێ؟ بۆ بڕیاری داوە بە ئاگر خۆی بسووتێنێ؟

## خۆکوژی

خۆکوژی تایبەتی ترین کارێکە کە مرۆڤ سەبارەت بە خۆی دەیکات و مردنێکی ئانقەسە کە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەنجامی ئەو کارەدا دەورێکی گرنگیان هەیە. دیارە مەبەست لە خۆکوژی

لە ناو بردنــی خۆیــە، بــەڵام ئەســەری لەســەرئەوانی تــریش هەیــە و نــاتوانین جیــاواز لــە ئاســەوارە کۆمەڵایەتیەکانی سەیری بکەین.

خۆکوژی شتێکی تایبەت بە مرۆڤە و حەیوانەکانی تر بە هۆکارگەلی کتوپڕ یان ئانقەس دەمــرن. ئەوە تەنیا مرۆڤە کە دەتوانێ دەسەڵاتی بە سەر مەرگی خۆیدا بێت و خۆی لە نــاو بــەرێ. بڕێــك لــە حەیوانات لە هەل و مەرجێکی تایبەتدا لەوانەیە هەڵسو کەوتێکیان بێ کــە ئاکامەکــەی مــردن بــێ بەڵام هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە کە ئاواتە خوازی مەرگ لەو حەیوانەدا بسەلــمێنێ.

«ئێدوین شنایدمەن» دەڵێ: خۆکوژی لە ناو بردنی خۆیە بە ئاگاداری و هۆکارەکەشی نارەحــەتی و ئازاری مرۆڤە لە چەند رەهەندەوە کە بۆ رزگاری خۆی لەو ئازارانە، سڕینەوەی ژیــانی بــە چــاکترین چارەسەر دەزانێ. خۆکوژی کردەوەیەکی هەڵکەوتە و بێ مانا نییە، بەڵکو بە پێچــەوانەوە ڕێگایەکــە بۆ رزگاری لە پرسێك یان قــەیرانێك. خۆکــوژی پێوەنــدی بــەو نیازانــەی مرۆڤــەوە هەیــە کــە بــەتاڵ بوونەتەوە یان قەد بەدی نەهاتوون یان هەستی نائومێدی و بێ چارەیی و کێبەرکێیەکی دوو دڵانە لــە نێوان ژیان و قەیرانێك کە بە سەر کردنی لە تاقەتی ئەو مرۆڤەدا نــەماوە و ڕێگــا چــارەکان بەســتراو دەبینێ و پێویستی بە هەڵاتنە لەو قەیرانە.

قەیران حاڵەتێکە کە کاتێك بەدی دێت کە سترێسێکی نائاسایی شێوازی ئاسایی ژیانی مرۆڤـــ تێك بدات بە جۆرێك کە لە توانایی تاك بۆ ژیانێکی باش و بە کەڵك کەم کاتەوە. کاتێك سترێس زۆر بێت و شێوەگەلی بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو سترێسە نەتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، تاك هەســت بە ترس، تووڕەیی، خەم، دژمنایەتی، بێچارەیی و نامۆیی لەگەڵ خۆی و بنەماڵە و کۆمەڵگا دەگات.

سترێس دەتوانێ لە ئەسەری یەك یا چەند رووداوی دوا بە دوای یەکەوە بێت. تێپەڕ بوونی ماوەی قەیران بە توانایی تاك کەوتووە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ سترێسەکەدا. لەوانەیــە قــەیران چــەند ڕۆژ تــا چەند هەفتە بــخایەنێ.

«دورکیم» دەڵێ: خۆکوژی مەرگێکی ئاگایانە بە هۆی کردەوەی راستەو خۆ یان ناڕاستە و خــۆی مرۆڤە و ئاکامەکەشی سڕینەوەی ژیانە.

خۆکوژی دەتوانێ بە شێوازی تریش خۆی بنوێنێ وەك خۆکوژیەکی بێ ئاکام، شانۆ کردن بۆ خۆکوشتن، هەڕەشە بە خۆکوژی و خۆکوژی کتوپڕ. دەبێ لە نیوان خۆکوژی و هەوڵ بۆ خۆکوژی جیاوازی دانێین.

دوکتور «موحەممەد حسەینی فەرجاد» دەڵێ: خۆکوژی مردنێکە بە هۆی کردەوەیەکی راستە و خۆ یان ناڕاستەوخۆی تاك کە ئاگاداری ئاکامی کارەکەی خۆی بووە و خۆی بە کردەوەیەکی پۆزەتیڤ (وەك ئەوەی کە گوللەیەك لە ناو مێشکی خۆی بدات) یان کردەوەیەکی نیگەتیڤ (وەك ئەوەی لە نێو ماڵێك کە خەریکە دەسووتێ نەچێتە دەر تاکوو بمرێ یان ئەوەندە خۆراك نەخوات تا بمرێ) لە ناو دەبات.

خۆکوژی هەر لە مێژەوە لە مرۆڤدا باو بووە. بۆ نموونە «برەهمەنەکان» لە جێژنە ئایینیەکانیان خۆیان دەکوشت یان بێوەژنە هیندیەکان دوای مێردەکەیان خۆیان دەکوشت و وەیان دەزانی دەچنە بەهەشت!

لە میسری کۆندا خۆکوژی بە مەبەستی رزگاری لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان باو بووە و لە یونان و رۆمی کۆنیشدا کوێلەکان خۆیان دەکوشت.

لە کتێبی مێژووی شارستانیەتی «ویل دۆرانت» باسی خۆکوژی بە کۆمەڵی دەستەیەك عارفی ئەمریکی لە دوورگەی گویان لە ئەمریکای باشوور بەهۆی خواردنی ژەهرێکی کوشەندە کراوە.

**«دورکیم» خۆکوژی بە سێ جۆر دابەش دەکات:**

1- خۆکوژی خۆ خوازانە (Ejoistic): کە پێوەندی تاك لەگەڵ کۆمەڵ زۆر لاواز دەبێت و تاك هەست بە تەنیایی و نامۆیی دەکات.

2- خۆکوژی ئەویدی خوازانە (Altuistic): تاك خۆی فیدای کۆمەڵ دەکات و بۆ ئامانجیکی گەورە، ژیانی خۆی دەسپێرێتەوە (وەك: «کامیکازە»کان کە فرۆکەوانی ژاپونی بوون).

3- خۆکوژی ئانۆمیك (Anomic): تاك ژیان بە بێهودە دەزانێت و ئاڵوگۆڕی خێرا لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سەرلێ شێواوی تاك لە نێوان نەریتەکان و هەلومەرجەکان دەبێتە هۆی نەگەیشتن بە ئامانج و بۆیە مرۆڤ هەستی خۆ بە کەم زانین دەکات. «دورکیم» ئەم جۆرەی سێیەم بە

بەرچاوترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای نویٚ دەزانێ. لەم جۆرەدا قەیرانی ئابووری و تەڵاق دەورێکی زۆریان هەیە.

«هالبواکس» پێی وایە کە هەر کۆمەڵگایەك شەپۆلگەلێکی خۆکوژی هێنەری هەیە کە بە سێ شێوەی جیاواز ئەسەر دەکات:

1- بە شێوەی جیا بوونەوەی تاك لە گروپی کۆمەڵایەتی (زۆر بوونی تاکگەری)

2- بە شێوەی پێوندی توندوتوڵ لەگەڵ گروپی کۆمەڵایەتی (نزم بوونی تاکگەری)

3- بە شێوەی لێك پچڕان و ئاژاوە لە گروپی کۆمەڵایەتی (نزم بوونی ئاستی پێوەندی کۆمەڵایەتی)

«پاوێل» وەك «دورکیم» بێ نۆرمی بە هۆکاری خۆ کوژی دەزانێ. کۆمەڵناسە مارکسیستەکانیش خۆکوژی بە دیاردەیەك دەزانن کە سەرچاوەکەی لە بنەماکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە.

## تیۆریەکانی خۆکوژی

1- **تیۆری دەروون ناسانە:** لێکۆڵینەوەی دەروون ناسی دەر دەخات کە بڕێك لەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن تووشی کێشەی دەروونی یان کێشەی هەستن. هەر چەند ئەوانەی کە تووشی خەمۆکین زۆرتر خۆیان دەکوژن بەڵام کێشە و ئازارە دەروونیەکانی تریش لە خۆ کوژیدا دەوریان هەیە. ئامارەکان دەڵێن 15٪ی خۆکوژیەکان بە هۆی ئازاری دەروونیـن.

2- **تیۆری دەروون شیکاری:** لە مەکتەبی دەروون شیکاریدا دوو تیۆری جیاواز هەیە. لە تیۆری یەکەمدا باس لەوە دەکات کە تاکی خۆکوژ قوربانی مەرگێکی دەمار گرژانەیە کە لە جیاتی ئەوەی روو بکاتە دەرەوەی تاك، روو دەکاتە خودی تاك، تیۆری دووەم هی «فرۆید»ە. «فرۆید» دەڵێ مرۆڤ دوو غەریزەی هەیە: عەشق و مەرگ. ئامانجی غەریزەی عەشق یەکگرتنەوەیە و ئامانجی غەریزەی مەرگ لە ناو چوون و گەڕانەوەی ژیانە بۆ مەرگ.

3- **پێوەندی نێوان تیۆریەکان:**

روانگە دەروونناسانەکان و دەروون شیکارانەکان کاتێك دەتوانن بایەخ و مانایان بێت کە هاوکات لەگەڵ روانگە کۆمەڵناسانەکان ئاوێتە بن. لەم حاڵەدا هۆکارەکان زۆرتر و قووڵتر دەبنەوە. بۆیەش بۆ ناسینی خۆکوژی پێویستە رەهەندگەلی دەروونناسی و دەروون شیکاری و مێژوویی و کولتووری و ئابووری و کۆمەڵناسی و... هتد لە بەر چاو بگرێن.

## هۆکارگەلی مەترسی خۆکوژی لە جیهاندا

1-**کێشە دەروونییەکان:** وەك خەمۆکی کە دەبێتە هۆی نائومێدی و هەر وەهاش وەکو مانیا و شیزۆفرێنی. مەترسی خۆکوژی لە نەخۆشە دەروونییەکاندا 12-3 بەرابەری ساغەکانە.

2- **هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:** لەم دواییانەدا نرخی خۆکوژی لە 10 کەس لە نێو 100000 کەسدا گەیشتوە بە 35 کەس لە 100000 کەس.جیاوازی کولتووری و کۆمەڵایەتی ناو میللەتەکان دەبێتە هۆی جیاوازی رێگا و رەوشتی خۆکوژی. نرخی خۆکوژی لە وڵاتانی هەژار زیاترە لە وڵاتانی دەوڵەمەند.

3- **تەمەن:** لێکۆڵینەوە لە سەر خۆکوژی لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان نیشان دەدا کە رێژەی خۆکوژی لەگەڵ زیابوونی تەمەن زیاد دەبێ. زۆرترین خۆکوژی لە ژنان دوای 55 ساڵ لە پیاوان دوای 45 ساڵیە.

4- **کەرەسە و ئامێری خۆکوژی:** پیاوان شێوەگەلی توندوتیژتر بۆ خۆکوژی هەڵدەبژێرن تا ژنان وەك گوللە و خۆفڕێدان لە بەرزایی.

5- **رەگەز:** رەگەزی سپی زیاتر لە رەگەزی رەش خۆیان دەکوژن.

6- **جنس:** خۆکوژی پیاوان سێ بەرابەری ژنان سەرکەوتوو دەبێ بەڵام خۆکوژی کردن (چ بە ئاکام چ بێ ئاکام) لە ژناندا چوار بەرابەری پیاوانە.

7- **خێزانداری:** لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خۆکوژی لە زگورتیەکان دوو بەرابەری خێزاندارەکانە بەڵام مەترسی خۆکوژی لەوانەی کە تازە زەماوەندیان کردووە نەختێك زۆرترە لە زگورتیەکان. خۆکوژی لەو کەسانەی کە تەڵاقیان سەندووە زیاترە تا ئەو بێوەژنانەی کە مێردەکەیان

مردووه. مەترسی خۆکوژی لەو کەسانەی کە ئەو کردەوە لە بنەماڵەکەیان بیندراوە زۆرترە و هەروەها کەسانی تەنیا و گۆشەگیر زۆرتر خۆیان دەکوژن.

8- **وەرزەکان:** لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە بەهار و دوایین کاتەکانی هاوین (بەرەو پاییز) خۆکوژی زۆرتر دەبێ.

9- **ئیش و کار:** جێگای سەرنجە کە لێکۆڵینەوە کان باس لەوە دەکەن کە هەرچی ئاستی کۆمەڵایەتی تاك بەرەو سەرتربێ مەترسی خۆکوژی لەوەدا زۆرترە!

ئاڵۆگۆڕێ ناخۆش لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تێکشکانی ئابووریی مەترسی خۆکوژی زیاتر دەکات.بێکارەکان زۆرتر لەوانەی کە کاریان هەیە خۆیان دەکوژن. لە نێو ئیشەکانداپزیشکەکان مەترسی خۆکوژیان زۆرترە. پیاوانی پزیشك 3-2 بەرابەری پیاوەکانی تر خۆیان دەکوژن. پزیشکان بە دەوا و دەرمان خۆکوژی دەکەن. هەر وەها دوای پزیشکان، موسیقا زانان و ددان پزیشکان و وەکیڵەکان (محامی) و بیمەگەرەکانن.

10- **سلامەتی جەستە:** خۆکوژی لەو کەسانەی کە سلامەتی و تەندروستی جەستەیان کەمە و تووشی نەخۆشین زۆرترە. ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە (سرطان)، فێ، ms، نەخۆشی قەلبی، هانینگتۆن، مانس و ئەیدز و نەخۆشی گونچیلەن وەك دیالیزیەکان زۆرتر خۆیان دەکوژن.

11- **ئەلکهۆلیزم:** زۆر خواردنەوەی ئەلکهۆل مەترسی خۆکوژی زۆر دەکات. 20٪ی خۆکوژەکان ئەلکهۆلی بوون.

12- **کێشەی کەسایەتی:** دەرسەدێکی زۆر لەو کەسانەی کە خۆکوژی دەکەن تووشی گرفت و کێشەی کەسایەتین وەك خەمۆکی و ئەلکهۆلیزم و کێشەی پێوەندی و راهاتن لەگەڵ کۆمەڵ و...هتد.

خۆکوژی لە زیندانەکاندا سێ بەرابەری خەڵکی ئاساییە و زیاتر لە سێیەکی زیندانیەکان خۆکوژی دەکەن.

13- **مادە بێهوش کەرەکان:** رێژەی خۆکوژی لەو کەسانەی کە هێرۆئین بە کار دەبەن 20 بەرابەری خەڵکی ئاساییە.

14- **پێوەندی نێوان خۆکوژی و نرخی زیا بوونی جەماوەر:**

له وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕەوتی زیا بوونی جەماوەر بۆتە هۆی کێشـەی زۆری کۆمەڵایـەتی بـە چەشنێك کە زۆربەی پێویستیەکانی ئەو خەڵکە بێ وڵام دەمێنـێ و پـەرە نەسـەندویی و نابەرابـەری دەبێتە هۆکاری زۆربوونی نرخی خۆکوژی.

## نوکتەیەکی گرنگ سەبارەت بە خۆکوژی

زۆربەی خەڵك پێیان وایە کەسێك کە هەڕەشە بە خۆکوژی دەکات قەد کاری وا ناکات. بەڵام بـە دڵنیاییەوە ئەو چەشنە بیر کردنەوە هەڵەیە. زۆر لەوکەسانەی کە هەڕەشە بە خۆکوژی دەکـەن کاتێـك دەڕوانن کەس گوێیان ناداتێ لە داخا ئەو کارە دەکەن. کاتێك مرۆڤــ هەڕەشە و ئاماژە بە خۆکـوژی دەکات، سەرەتا دەیەوێ پەیامێك ڕاگەیەنی کـە کێشـەیەك هەیـە و پێویسـتی بـە یارمەتیـە. بۆیـە پێویستە هەڕەشە بە خۆکوژی بەشتێکی جیدی بزانرێ و بە ئاسایی پشت گوێ نەخرێت.

ئامارەکان دەڵێن لە هەر 10 کەسێك کە خۆیان کۆشتوە 8 کەسیان باسی خۆکوژیان کردووە.

## نیشانەگەلی مەترسی خۆ کوژی

1- ئامادە بوون بۆ مەرگ، بەخشینی دارایی و مونات، دانی هەدیـە و خـەڵات، ڕێـك و پێـك کردنی کارەکان

2- دووری کردن لە کەس و کار

3- گۆڕانکاری لە خەوتن، بێ خەوی، پیاسە کردن تا بەیانی‌یان زۆر خەوتن

4- ئاڵوگۆڕ لە خواردن وەکو کەم خواردن یان زۆر خواردن

5- بێ مەیل بوون بە هەڵسوکەوتەکانی پێشوو و پێوەندیە ئاساییەکان

6- هەبوونی کێشەی دەروونی یان جەستەیی، زێدەڕەوی جنسـی و زیـدەڕەوی لەبـەکار هێنـانی مەوادی بێهۆش کەر

7- هەبوونی نموونەی خۆکوژی لە بنەماڵەدا

8- توندوتیژی نێو بنەماڵەی چ جنسی و چ جەستەیی

9- خۆ کوژی کردنی لەوە پێشتر چ خۆی یان لە دوستان یان لە بنەماڵەدا.

10- لە دەست دانی خۆشەویستێك، تەلاق، جیایی، پچڕانی پێوەندی، لە دەست دانی کار و ئیش و پوول و پێگە و باوەڕ بە خۆ یان سەربەرزی، لە دەست دانی باوەڕی ئایینی، لە دەست دانی هەستی خۆشەویستی خەڵك و دۆستان یان هەستی مۆماریسەی جنس یان ئەو چالاکیانەی کە لەوە پێشتر بۆی خۆش بووە.

11- ئاڵوگۆڕ لە کەسایەتی، خەم و خەفەت، دووری کردن، بێقەراری، ترس،ماندوویی، بێ هەڵوێستی

12- ئاڵوگۆڕ لە هەڵس و کەوت و ئیش و ئەرکی ئاسایی

13- کەم بوونەوەی مەیلی جنسی، ناتوانی، تێك چوونی عادەتی مانگانە

14- شێت بوون، ئازار گەیاندن بە خۆ و بە خەڵك

15- هەستی خۆ بە کەم زانین، بێ بایەخ بوون، شەرم، هەستی گوناح و نەفرەت لە خۆ

16- نائومێدی بە داهاتوو، باوڕ بەوەی کە هیچ شتێك چاکتر نابێ

17- باسی خۆکوژی

18- مەیلی زۆر بە مەرگ و زۆر بیر کردنەوە لە سەر مەرگ

19- زۆر خواردنەوەی ئەلکهۆل و مادە بێهۆش کەرەکان

20- خەمۆکی و بێ تاقەتی زۆر

21- تووڕەیی

## خۆکوژی لە جیهاندا

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئامارەکانی دەیەی هەشتا نیشان دەدا کە زۆرترین رەقەمی خۆکوژی لەو کاتەدا لە وڵاتی مەجارێستان بووە جا دانیمارك، ئۆتریش ئاڵمان، فەڕەنسە، ژاپۆن، بۆلغارێستان، کانادا، ئەمریکا، بەریتانیا و...هتد. رەقەمی خۆکوژی پیاوان لە ژنان زۆرتر بووە و رێژەی خۆکوژی لە تەمەنی بەرەو سەرتردا زۆرتر بووە. کەمترین رەقەمی خۆکوژی لە کوێت بووە بەڵام خۆکوژی ژنان لەو وڵاتەدا دوو بەرابەری پیاوان بووە.

ئامارەکانی ئێران چ پێش راپەرین و چ دوای راپەڕین زۆر دەقیق نییە، بەلاّم ئەوەی لە ئێران بەدی دەکرێ ئەوەیە کە تەمەنی خۆکوژی نزمترە (18-24 ساڵ) و هەر چەند کە خۆکوژی پیاوان لە ژنان زیاترە بەلاّم لە نێوان 18-24 ساڵدا رەقەمی خۆکوژی ژن و پیاو لە یەك نزیکن. خۆکوژی پیاوانیش زۆرتر بە ئاکام گەیشتوە و بۆتە هۆی مەرگی کەسی خۆکوژ. خۆکوژی خوێندەوارەکان لە نەخوێندەوارەکان زۆرترە!

### شێوەی خۆکوژی لە ئێران

لەم باریەوە ئامارێکی سەرنج راکێش هەیە کەنیشان دەدا زۆرترین شێوەی خۆکوژی ژنان خۆسووتاندن بووە و پیاوان زیاتر خۆیان بە پەت هەلّواسیوە.

ئاماري خؤكوذي كؤماري ئيسلامي ئيَران لة سالَي 1998

| پلە | شێوەی خۆکوژی | پیاو | ژن | هەر دوو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خۆسووتاندن | 138 | 455 | 593 |
| 2 | خۆ هەلّواسین بە پەت | 883 | 139 | 972 |
| 3 | ژەهر خواردن | 234 | 149 | 383 |
| 4 | خۆ فڕێدان لە بەرزایی | 42 | 30 | 72 |
| 5 | نوقم بوون | 86 | 22 | 108 |
| 6 | چەکی گەرم | 234 | 14 | 248 |
| 7 | چەکی سارد | 34 | 8 | 42 |
| 8 | هتد | 109 | 31 | 140 |

### خۆکوژی لە پارێزگەی کوردستان لە ئێران

خانمی «ئەمجەدی» و ئاغای «گەنجی» لە پاییزی 1999دا لێکۆلّینەوەیەکی باشیان لەسەر خۆکوژی و هۆکارەکانی لە پارێزگەی کوردستان بووە و زۆر جێگای سەرنجە کە ئاکامی ئەو

لێکۆڵینەوە ئەوە دەسەلمێنی کە خۆکوژی لە کوردستان لەگەڵ جیهاندا جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بە پێی نەتیجەی لێکۆڵینەوەکە دەر دەکەوێ کە:

لە پارێزگەی کوردستان لە ئێران لە نێوان ساڵانی 1997-1999 خۆکوژی لە سنە زۆرتر لە شارەکانی تر بووە. هەر وەها خۆکوژی ژنان لە پیاوان زۆرترە. 62٪ی خۆکوژەکان ژن و 38٪یان پیاو بووە. خۆکوژی زۆرتر لە تەمەنی گەنجیدایە واتە نێوان 35-17 ساڵە و 79٪ی خۆکوژەکانیش گەنج بوون. خۆکوژی لە نێوان پیاوانی زگورتی زۆرترە لە ژنانی زگورتی بەڵام خۆکوژی لە ژنانی هاوسەردار زۆرترە لە ژنانی زگورتی. 64٪ی ژنانی خۆکوژ هاوسەردار بوون و 36٪یان مێردیان نەبووە.

بە گشتی دەرکەوتووە کە خۆکوژی لە نێو هاوسەردارەکان (چ ژن چ پیاو) زۆرترە لە زگورتیەکان. 56٪ی خۆکوژەکان خێزاندار و 41٪یان زگورتی و 3٪یان تەڵاق دراو بوون.

خۆکوژی لە نێو ژنانی هاوسەردار زۆرتر بە هۆی ئازاری مێردەکانیانەوە بووە. خۆکوژی زگورتیەکان زیاتر بە هۆی نائومێدیە. بەگشتی هۆکاری خۆکوژی لە کوردستان کێشەی بنەماڵە و هەژاری و بێکاریە.

خۆکوژی پیاوان لە شارەکان زۆرترە تا دێهاتەکان بەڵام بە پێچەوانەوە ژنانی دێهاتی زۆرتر لەژنانی شاری لە کوردستان خۆیان دەکوژن. بە گشتی شاریەکان زۆرتر لە دێهاتیەکان خۆیان دەکوژن (51٪ شار و 49٪ لە دێهات).

هەر وەها لە کوردستان بە پێچەوانەی کۆی ئێران خۆکوژی لە نەخوێندەوارەکان زۆرترە لەخوێندەوارەکان. 96٪ی ئەو ژنانەی کە خۆیان کوشتووە نەخوێندەوار بوون یا خوێندەواریان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە.

خۆکوژی لەو بنەماڵانە کە مندالیان زۆرترە، زیاتر بیندراوە. 80-70٪ی خۆکوژی لە بنەماڵەی 4 تا 6 نەفەر بەرەو سەردا بیندراوە. شێوەی خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان جیاوازە. لێرە ژنان شێوەی توندوتیژتر بۆ خۆکوژی بە کار دێنن وەك خۆسووتاندن. پیاوان زۆرتر خۆیان بەپەت هەڵدەواسن یان ژەهر دەخۆن.

77%ی ئەوانەی لە کوردستان خۆیان دەکوژن لـە نەخۆشـخانە دەمـرن و 21%یـان لـە ماڵـەوە دەمرن.

## لێکۆڵینەوەیەك لە سەر راپورتی میللی خۆکوژی ژنان لە ئێران

لە ئێران راپۆرتێك سەبارەت بە خۆکوژی لە ماوەی ساڵەکانی 1996-1999 بـڵاو کراوەتـەوە کە چەند نوکتەی سەرنج راکێشی تێدایە.

زۆر بە داخەوە پلەی یەکەم تا سێیەمی خۆکوژی ژنان لە ئێراندا لە پارێزگا کوردنشینەکان و لـە کوردەواریدایە.

لەم بارەیەوە پارێزگای کرماشـان پلـەی یەکـە مـە، پارێزگـای ئـیلام پلـەی دووەم و پارێزگـای کوردستان پلەی سێیەمە. دیسان پارێزگای کۆهکیلۆیە و بۆیر ئەحمەد کە لۆڕن (لۆڕیش کوردە) پلـەی پێنجەم و پارێزگای لۆڕستانیش پلەی شەشەمی هەیە.

لە هەموو ئەم پارێزگایانە کێشە و شەڕی نێو بنەماڵە بە تایبەت لەگەڵ مێرد هۆکاری یەکـەمی خۆکوژی بووە جا هەژاری و نائومێدی هۆکارەکانی پلەی دووەم وسێیەم بوون. بـە داخـەوە لـە ئـیلام سێیەم هۆکاری خۆکوژی ژنان پرسی شەرەف و ناموسە.

لە زۆربەی ساڵەکاندا خۆکوژی ژن لە پیاولەم پارێزگایانە زۆرتر بووە و رێـژەی خۆکـوژی ژنـانیش بەگشتی بەرەو کەم بوون چووە.

رەقـەمی Gender Developmemt Index- GDI لـەم پارێزگایانـە بـەم جۆرەیە:

کوردستان 0/448= GDI و پلەی 24 ە لە 28 پارێزگای ئێراندا و پلەی 3 یـە لـە بـواری خۆکوژی ژنان لە ئێران

ئیلام 0/52= GDI و پلەی 14یە لە 28 پارێزگای ئێراندا و

پلەی 2ی لە بواری خۆکوژی ژنان لە ئێران

کرماشان 0/535= GDI و پلەی 13یە لە 28 پارێزگای ئێراندا

پلەی 1ە لە بواری خۆکوژی ژنان لە ئێران

بۆ ئاگاداری خوێنەری هێژا رەقەمی GDI ئەگەر لە 0/5 کەمتر بێ واتە ئەو کۆمەڵگا لە باری گەشەی مرۆڤایەتی دواکەوتووە و GDI =0/5-0/799 واتە خەریکی پێشکەوتنە و لە 0/8 بەرەو سەرتر پێشکەوتووە.

لەپارێزگای یەزد کە لە باری GDI پلەی دووەمی ئێرانی هەیە سەرنج راکێشە کە لە خۆکوژی ژناندا پلەی دەیەمە و خۆسووتاندنی ژنانیش باوە.

دیسان جێگای سەرنجە کە لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان بەو هەموو هەژاری و بەدبەختیە خۆکوژی ژنان لە هەمووی کەمترە.

زۆرترین شێوەی خۆکوژی ژنان لەپارێزگای کرماشان بە خواردنی دەرمان و حەب بووە و لە ئیلام بە خۆسووتاندن. خۆسووتاندنی ژنان و کچانی ئیلام ماوەیەك وا زۆر بوو کە خانمی «تەهمینەی میلانی» دەرهێنەری بە ناوبانگی ئێرانی فیلمێکی بە ناوی «بێمانی» لە سەر خۆسووتاندنی ژنان لە ئیلام درووست کرد. بە پێی راپورتی ئەو فیلمە لە ئیلام رۆژی یەك ژن خۆی دەسووتاند.

بە گشتی بە پێی راپوورتەکان خۆ سووتاندنی ژنان زۆرتر لە ژنانی نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوار و هاوسەردار دایە.

## چەند سەرنج

1- بەگشتی لەجیهان و لە ئێرانیش خۆ کوژی لە پیاوان زۆر ترە تا ژنان بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆ کوژی ژنان زۆرترە تا پیاوان.

2- لە جیهاندا ئامارەکان دەڵێن کە خۆکوژی لەتەمەنی بەرەوسەرتردا باوە بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە تەمەنی گەنجیدا خۆکوژی زیاترە.

3- لە جیهاندا و بەگشتی لەئێرانیش پیاوان شێوەگەلی توند و تیژتر بۆ خۆکوژی بە کار دێنن، بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژنان شێوە گەلی توند و تیژتر وەك خۆ سووتاندن بەکار دێنن.

4- لە جیهاندا خۆکوژی لە خێزاندارەکاندا کەمتر باوە بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆ کوژی لە خێزاندارەکاندا زۆرترە.

# بۆچی ئاگر؟



ئەم پرسیارە ماوەیەکە سەرنجی نووسەری ئەم بابەتەی راکێشاوە. بە راستی کەسێك کە گەیشتۆتە دوایین وێستگەی ژیان و دەیەوێ ژیانی خۆی وەسرێ، بۆچی دەبێ بە ئازارترین شێوەی مەرگ هەڵبژێرێ؟ ئەگەر مەبەست مردنە لەوانەیە مرۆڤ بتوانێ زۆر ئاسانتر بمرێ تاکو ئەو هەموو ئازارە بکێشێ. ئایا مەبەست هەڕەشەیەکی ترسناکە؟ چ رازێك لە پشت ئەم کردەوەیە؟

پەرستارانی زەحمەتکێشی بەشی سووتاوەکانی نەخۆشخانەی «تەوحید»ی شاری سنە باسی بیرەوەریەك دەکەن کە زۆر جێگای سەرنجە: منداڵێکی سێ ساڵە چەند ساڵ لەمەو بەر خۆی سووتاندووە و مردووە! هۆی خۆسووتاندنی ئەو منداڵە داوا کردنی جووتێك گۆرەوی بووە کە بۆ براکەی کڕاوە و بۆ ئەو نەکڕاوە. منداڵ هەڕەشەی کردووە ئەگەر بۆم نەکڕن خۆم دەسووتێنم!!!

ئەوسا سەماوەری کووڵاتووی بە سەر خۆیدا تلۆر کردوتەوە و سووتاوە!

پرسیارێکی گەورە کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە منداڵێکی سێ ساڵە چۆن راهاتووە کە مەرگ بە شێوەی خۆ سووتاندن هەڵبژێرێ؟ ئەمە ئاماژە بە وتارێکی زاڵ لەو بنەماڵەدا دەکات کە منداڵێکی وا ئاگای لێ بووە و لە کردەوەیدا رەنگی داوەتەوە. **«خۆم دەسووتێنم»**.

دیسان پیرەژنێکی هەفتا ساڵە لە نەخۆشخانە بە هۆی خۆسووتاندن خەوتووە. سووتاویەکەی زۆر نییە. دیارە هێزی ئەوەندە نەبووە کە پووتە نەوتەکە بە تەواوی حەوا بات و تێکڕا بیکات بە سەر خۆیدا. پیرەژنی سووتاو هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بە هەژاری دەزانێ و دەڵێ: چێشتێك نەبوو. نانێك نەبوو- قەند و چایەك نەبوو- «وتم بۆ بە برسیەتی زیندوو بم؟».

دیاره جگە لە ژنانی گەنج، منداڵ و پیریش کاتی بڕیار لە سەر مەرگی خۆیان روو دەکەنە ئاگر. ئەمە دەتوانێ شتێکی راهێنراو و دەروونی بێ کە لە کاتی بەلووتکە گەیشتنی قەیرانێك، مێشکی مرۆڤی خۆکوژ کتوپڕ بیر لە شتێك دەکاتەوە کە هەمیشە لە مێشك و بیر و زەینیدا دووپات بۆتەوە «خۆم دەسووتێنم»، «خۆم دەسووتێنم»، «خۆم دەسووتێنم». و تارێکی بەردەوام کەچۆتە نەستی تاکی مێ.

بێگومان خوێنەری هێژا زۆر جار لە دایك و خۆشکی خۆی بیستووە: «ئەی دایکت بمرێ»، «ئەی خۆشکت بمرێ» بەڵام قەد بیستووتانە کەس بڵێ: «ئەی باوکت بمرێ»؟

لەپرسیارێك کە لە 96 ژنی کورد کرا 93 کەسیان (97٪) وتیان کەئەم قسەی دایکت بمرێ و خۆشکت بمرێ هەم بیستوویانە و هەم بە کاری دەهێنن. کە واتە ژنی کورد هەر لە سەرەتای راهاتنیەوە فێری ئامادەیی بۆ مەرگ دەبێ و ئامادەیە بۆ عەزیزانی نێرینەی بنەماڵە بمرێ. لێرەدا بەهۆی دووپات بوونەوەی بەردەوامی قسەیەکی وا مەرگ و ژن لە دەروون و نەستی تاکی مێ لێك نزیك دەبنەوە.

دیسان لەو 96 ژنە سەبارەت بەم قسەیە پرسیار کرا کە ئایا بیستوویانەلە ژناندا بوترێ «وەڵڵا لە داخا خۆم دەسووتێنم»؟.

78 ژن واتە (81/2٪) وتیان کەزۆریان بیستووە. مانای ئەمەش ئەوەیە کە سووتاندن رێگای مردنە و بەردەوام ئەمەش لە نەست و بیری نهێنی ژندا دووپات دەبێتەوە.

ئاگر بەم چەشنەش دێتە ناو زاراوە و وتار کە بۆ نموونە ژنێك کە تووڕە دەبێ بە منداڵەکەی یان کەسێکی تر دەڵێ: رەبی گڕت تێ بەربێ!

بەڕای نووسەر دووپات بوونەوەی ئەم قسانە لە مێشك و بیری ژنانی کورددا دەبێتە شتێکی سەلماو. ژن ئامادەی مەرگە، ژن خۆی دەسووتێنێ. مەرگ و ئاگر پێکەوەن. ئەمە بۆتە نەریتێکی ناحەزی زەینی و دیارە لە کاتی کردەوەشدا وەك یەکەم رێگا دێتە بەر چاوی ژن.

لە درێژەی پرسیارەکاندا ئەوەش باس کرا کە ئایا لە بەردەست بوونی نەوت دەتوانێ هۆکارێك بێ بۆ خۆسووتاندن یان هیچ ئەسەرێکی نییە؟ نیوەی ژنان پێیان وا بوو دەسڕەسی بە نەوت دەتوانێ هۆکاری هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خوکوژی بێت.

دیسان 75٪ی ئەو ژنانە پێیان وابوو کە ژنێـك کـە خـۆی دەسـووتێنی، بڕیارەکـەی بڕیـارێکی کتوپڕە. 25٪یش دەیانوت کەدەبێ ژنی خۆکوژ بیری لەو کارە کردبێتەوە.

لەو 96 ژنە تەنیا 6 ژن دیانیان پیانا کە تا ئێستا بیریان لە خۆکوژی کردۆتەوە و 90 ژنـی تـر وتیان قەد بیریان لە خۆکوژی نەکردووە. ئەو 6 کەسەش وتیان قەد ئامادە نین ئاگر هەڵبژێرن.

لێرەدا کردەوەی ژنێکی گەنجی بانەیی زۆر سەرنج ڕاکێشـە. ئـەو ژنـە کاتێـك لـە سەرخۆشـی و پرسەی ژنێکی تر کە بە هۆی خۆسـووتاندنەوە مـردووە، دێتـەوە دەڵـێ: بـە ڕاسـتی خـۆ سـووتاندن مەرگێکی دژوارە. من قەد ئامادە نیم بە ئاگر بمرم.

هەفتەی داهاتووی سەرخۆشی و پرسەی هەر ئەو ژنە دەبێ کە هەر بە ئاگر خـۆی سـووتاندووە و مردووە!!

بە گشتی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە کورد و ئـاگر زۆر لـە یـەك نـزیکن و ئـاگر بـۆونێکی بەردەوامی لە کولتووری کورددا هەیە. لە گرتنی «سـەرۆك ئۆجالآنیشـدا» دیمـان کـە کوردەکـان بـۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی خۆیان سووتاند. جێگای سەرنجە کە لە پارێزگاکانی ئێران لە دوو پارێزگای یەزد و فارس دیسان خۆسووتاندنی ژنان پرسێکی کۆمەڵایەتیە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لەم دووپارێزگایە پەرسـتگەی زەرتەشـت و ئاگرگـەکانی وەك یادگـاری مێـژوویی دەپـارێزرێ و خـەڵکی زەرتەشتیش زۆرن. بەڵام لێکۆڵینەوەیـەکمان نەدۆزیـەوە کـە باسـی خۆسـووتاندنی ژنـان زەرتەشـتی بەتایبەت لەم دوو پارێزگا بکات.

مەبەست لە ئاماژە بەم دوو پارێزگا، بـەردەوامی کولتـووری ئـاگر و بـیری ئـاگر و هاوکـاتیش دەرسەدی خۆسووتاندنی ژنان بوو.

بە هەر حاڵ لە درێژەی پرسیارەکان لە ژنان سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندن 32٪ پێیان وابوو کە ژنانی خۆسـووتێن تووشـی کێشـەی دەروونیـــن 41٪ ڕایـان ئـەوە بـوو کـە ژنـانی خۆسـووتێن مەبەستیان تۆڵە سەندنەوە لە ئەوانی تـرە (وەك مێـرد، بنەماڵـە و... هتـد). 9٪ دەیـانوت ئەمـە چەشنێك دەنگی ناڕەزایی دەربڕینە و 18٪یش ڕایان وا بوو کە ژنی خۆسـووتێن هیـوای ئەوەیـە کـە زیندوو بمێنێ و زوو فریای کەون!

لێشرەدا پێویستە ئاماژە بە تەجرەبەیەکی پەرستاری بەشی سووتاوەکان بکرێ کە دەڵێ: کاتێک لە ژنە سووتاوەکانی پرسیوە کە بۆ ئاگر یان هەڵبژاردوە و بۆچی بۆنموونە حەبیان نەخواردووە، وتوویانە کە ئەگەر حەبمان بخواردایە لە گۆشەیەکەوە بێدەنگ دەمردین و کەس فریامان نەدەکەوت، بەڵام کاتێك ئاگر بەردەینە خۆمان خەڵك بە دەنگمانەوە دێن و دەمانکوژێننەوە و لەوانەیە نەمرین!

ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە تاکی خۆکوژ بەم شێوە دەیەوێت دەنگی نارەزایی خۆی دەربڕێ و پێویستی بەیارمەتییە.

برێك لەو ژنانەش پێیان وابووە کە بە سووتاندنی خۆیان لە بنەڕەتدا ئەویدیش (مێرد یان کەسێك کە ئازاریان دەدا) دەسووتێنن و ئازارێکی بەردەوامی بۆ ساز دەکەن. نموونەی ئەمەش کەم نییە. تەنانەت لە بنەماڵەی خانمێکی خزمی نووسەر کە خۆی لە داخی مێردەکەی سووتاند و کۆچی دوایی کرد، ئێستا کە ئێستایە ئەو پیاوە لەگەڵ بنەماڵەی ژنەکە تووشی کێشە و شەڕە. ئەمە دەچێتە خانەی تۆڵە سەندنەوە لە ئەویدی.

باسی تۆڵە باسێکی قووڵە و تەنیا کە خۆسووتاندندا خۆی نابێتەوە بەڵکوو لەویدی سووتاندنیش زۆر لێرەدا گرنگە.

بۆ نموونە ژنێك لە شاری سنە بە دەست مێردەکەی ئاگر درا تەنیا بەو بیانووەی کە قسەی بە خەسووەکەی وتووە. ژن دەیگێڕاوە کە لە مێردەکەی داوای لێبووردنی کردوە. بەڵام مێردەکەی هێندە توورە بووە کە دەستی لە پشتەوە بەستۆتەوە و لە حەمامەکە نەوتی پیا کردووە و ئاگری داوە و درگای حەمامیشی لێ داخستووە. ژن دەیوت کاتێك نەیتوانیوە ئاوەکە بکاتەوە کە گڕەکەی وەکووژێنێ و یان درگای حەمامەکە بکاتەوە، دانیشتووە کە بسووتێ و بمرێ. بەڵام لە ئێش و ئازاردا نەیتوانیوە و ناچار بە سەر شیشەی درگاکەی شکاندووە.

لەو حاڵەدا کە هاواری بۆ یارمەتی کردوە، مێردەکەی هەر بە ئاگرەکەوە دوو مشتی لێداوە و یارمەتی ژنی نەداوە کە ئاگرەکەی بکوژێنێتەوە. ئاگری ژنەکە دوای سووتانی کراسەکەی دەکوژێتەوە و ژن نامرێ. مێردەکە سەرەڕای ئەوە یارمەتیشی نەداوە لای دەر و دراوسێ هاواری کردووە کە فریا کەون ژنەکەم خۆی سووتاند! دراوسێکان کاتێك دەستی بەستراوی ژن دەبینن تێدەگەن کە مێردەکە درۆ دەکات.

ئەوەی بۆ نووسەر زۆر جێگای سەرنج و خەمە ئەوەیە کە کاتێك لەو ژنە پرسیاری کرد کە ئێستا چی دەکات و ئایا شکایەت لە مێردەکەی دەکا؟ وتی «نا». حالّم کە خاس بوو دەچمۆ لای. دوو مندالّم هەس. چە بکەم؟!!!

بە راستی ژن چەندە بێ پەناهە؟ بۆ ژنێکی وا لە رۆژهەلاّتی کوردستان هیچ جێگایەك بۆ پەنا بردن نییە. ژنێکی سووتاو کە ئیتر هیچ پیاوێك لای لیّ ناکاتەوە و هیچ سەرچاوەیەکی ئابووریشی بۆ بەڕێوە بردنی ژیانی نییە و دوو مندالّیشی بیّ دایك دەمێنن، بە هۆی ئەوەی کە لە ئێران مندالّ بە پێی یاسا هی باوکە و دەسەلاّتیش بۆ ژنێکی وا هیچ یارمەتیەکی یاسایی و پارەیی نییە، بە راستی دەبیّ چی بکات؟

ئەمە چیرۆکی تۆلّەی دژواری مێردێکە لە ژنێکی بیّ پەنا. سەیر ئەوەیە کە خەلّکی ئاسایی زۆر سادە و ساکار ئەو جەنایەتە بۆ یەك دەگێڕێتەوە و هەلّویستێکی ئەوتوش ناگرن. وەك بلّێی زۆر ئاساییە با ژنێك بە دەست میردەکەی تەمییە کریّ!

بەهەرحالّ مەبەستی ژنان لەخۆسووتاندن ئەگەر هەڕەشە یان تۆلە یان مردنە، بێگومان پەشیمانی بەدواوەیە. کاتێك گڕەکە بەردەبێتە مرۆڤ بەراستی توانای بیر کردنەوە و هەلوپستێکی دروست نامێنی و گڕیش زۆر بێرەحمە و وەها لەشی مرۆڤ دەگرێتە بەر کە رزگار بوون لیّی دژوارە.

نووسەری ئەم بابەتە بیروەریەکی لەم بارەیەوە هەیە:

بەهۆی ئیشی پزیشکی، جارێك پێوست بوو لە برینی نەخۆشیك نموونەیەك هەلگرم و لەژێر میکرۆسکۆپدا سەیری کەم. بەرلە نموونە گرتن دەبوایە بە ئەلکهۆلی تبی سەربرینەکە و دەورووبەری پاك کەمەوە و جا بە بیستوریەکی ستریل قەلّشێك بخەمە برینەکە. بەهۆی ئەوەی دەسکێشە پەلاستیکیەکەی دەستم ئەلکهۆلاوی بوو، تا هاتم تیغ بیستوریەکە بە ئاگر ستریل کەم، ئاگرکە کە دەسکێشەکەمی گرت. لەو کاتەدا واترسام کە توانای بیرو کارێکی عاقلانەم نەمابوو. تەنانەت ئاوەکەشم نەکردەوە بە سەردەستمدا.ئەگەر کارمەندەکەم فریام نەکەوتایە و دەسکێشەکەی لەدەستم دەرنەکردایە دەستم دەسووتا. بۆیە هەر کاتێك ژنێکی سووتاو دەبینم بیری ئەو کاتە دەکەمەوە کە خۆم بەسووتانی دەسکێشێك چەندە ترسام ولای خۆم دەلێم داخۆ حالّی ژنێك کە تێکرا گڕی تێبەر بووە چۆن بوویێت؟

کاك «عەتا نەهایی» رۆمان نووسی بەرێزی کورد لە وتاری «خۆکوژی ژنان، رازی هەڵبژاردنی ئاگر» بەشێوەیەکی زۆر رۆمانتیکی پیاوانە سەرنج دەداتە ئەم پرسە. وێرای سپاس و پێ زانین کە بە هەرحال کاك عەتا بەورووژاندنی ئەم باسە، سەرنجی هرز و ئەندێشەی نووسەر و ژنانی تریشی بەرەو ئەم کێشە گەورەیە راکێشا، پێویستە ئاماژە بەبیرورای کاك عەتا بکرێ کە رازی هەڵبژاردنی ئاگر بە شێوەیەکی زۆر رۆمانتیك دەگێڕێتەوە بۆ پرۆمتە و ئەو کاتەی کە ئاگری لەخاوەن ئاگر دزی و واش نەتیجە دەگرێ کەژن ئاگر لەپیاو کە خاوەن ئاگرە دەدزێ و بەم شێوەیە تۆڵەی خۆیی دەستێنێ یان دەنگی نارەزایی دەردەبڕێ. دیسان ئاماژە بەوەش دەکات کەژن لەشی خۆی بە هۆکاری تەواوی ئەو ستەمانەی دەزانی کە لێی کراوە و ئەگر لەشی ئەو لەشێکی ژنانە نەبوایە ئەم هەموو ئازار و گرفتەی تووش نەدە بوو. جا بۆیەش ئەم لەشە دەسووتێنێ کە هۆکاری ئازارەکانی سووتاندبێ. برێك لە دۆستانی رووناکبیریش لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژن لەشی دەسووتێنی کە بەم شێوە پیاو لەو جەستەیە بێ بەش کات. (شتێك وەك تۆرانی ژن و رێگری لەموماریسەی سێکس). بە لاّم ژن، بە تایبەت ژنی نەخوێندەوار نە ئەوەندە رۆمانتیکە و نە ئەوەندە خاوەن پشتیوان. بێگومان ژن لەم کۆمەڵگایە دەزانێ کە ئایین ونەریت و کولتووری پیاو سالارانە دوای سووتانەکە تاوانباریشی دەکەن و سەرەڕای ئەوەش پیاو ئیجازەی هەیە تا چوار ژنی بێت. دیارە ئەگەر لە لەشێك بێ بەش کرێ کەس بەعیبی نازانێ کە زۆر بە ئاسایی ژنێکی تر بێنێت و لەڵك لە لەشێك و جەستەیەکی ساغ و نەسووتاو وەرگرێ. لە نەخۆشخانەش کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەو ژنانەی کە خۆیان سووتاندووە دەڕوانین کە خۆسووتێنیە کەیان دەشارنەوە ودیانی پێدا نانێن. زۆربەیان لەروانەگەی کۆمەڵگە سەرخۆیان کە وەك ژنێکی خۆکوژ سەیریان بکرێ دەترسن. سەرەتا هەمووی ژنەکان دەڵێن نەوتیان کردۆتە چراکە و بەهۆی ئەوەی چراکە گەرم بووە تەقیوەتەوە و گڕیان تێبەر بووە، بەڵام ئەم چیرۆکەی ژنانی خۆسووتین بۆتە چیروکێکی کلیشەیی و دووپاتەوە بوو و چۆنیەتی سووتانی ئەندامەکانی جەستەیان و بەتایبەت بۆنی نەوتێك کە لە کاتی هێنانیان بۆ نەخوشخانە لە جەستەیانەوە دێت، خۆی تەواوی راستیەکان دەردەخات. دوای چەند رۆژ ئێش و ئازارکێشان ئەمجارکە لەباری رۆحیەوە و پێویستیان بە چاودێری پەرستارەکان، لە پەرستار نزیك دەبنەوە دیان بە کردەوەکەیان دەنین و هەمووشیان دەڵێن کە پەشیمانن.

## هەڵوێستی ژنانی سووتاوی زیندوو:



بۆ ئاگاداری سەبارەت بەهەلوێستی ژنانی سووتاو و وچۆنیەتی بەڕێوە چوونی ژیانیان دوای سووتانەکە وزانیاری لەسەر ئەوەی کە بۆ ئاگریان هەڵبژاردووە، پێویست بوو بڕێك لەو ژنانە وەدوزرێن و وت وێژیان لەگەڵ بکرێ. بەداخەوە شوێنی ژیانی زۆربەیان لە گەڕەکە زۆر هەژارەکانی پەراوێزی شار بوو و لە ماڵگەلێکی زۆر چکوڵە دا دەژیان. زۆربەیان ئەسەری سووتانەکەیان پێوە دیار بوو و گرفت و ئازاریان لە تەکان دانی ئەندامەکانیان بوو. شەرمێکی زۆر لەو کردەوە لە چاوە کانیاندا بەدی دەکرا.

لە هەرکەسیان پرسیار دەکرا بۆچی ئاگر؟ تەنیا دەلیلی خۆسووتاندنەکەی دەوت و نەیدەزانی بۆ لەوکاتەدا بەس ئاگری هەڵبژاردوە. زۆربەیان بیریان لە رێگایەکی تر نەکردبۆوەو کردەوەکەشیان کتوپر ببو. ئەمەش بەڵگەیەکی تر بوو بۆ ئامادە بوونی ئاگر لە نەستی ژنی کورد، کە لەکاتی بە لووتکە گەیشتنی قەیران وەك یەکەم رێگای مەرگ ئاگر هەڵدەبژێرێ.

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا پیویستە نوکتەیەکی سەرنج راکێشی تریش باس بکرێ. نووسەر چاوی بە ژنانێکی جوانی هەژاری دانیشتوی پەراوێزی شار کەوت کە وتیان:

جا بۆ خۆم بسووتێنم؟ ئەگەر بمەوێ هەڵدێم و لەو شارەگەورانە وەك تاران باشترین ژیان دەکەم. لە هەژاریش رزگارم دەبێ!

خوێنەری هێژا باشە بزانێ کە مەترسیەکی تر، قەیرانێکی کۆمەڵایەتی تر، ئەوەش دیاردەی ژنانی خیابانی و قاچاخی ژن هەڕەشە لە ژیانی ژنی کورد دەکات!

## سەرچاوەکان:

1- دور کیم، امیل، خودکشي، ترجمه دکتر نادر سالار زاده اميري، تهران، دانشگاه علامه طباطبايي، چاپ اول 1378.
2- محسني ، منوچهر، انحرافات اجتماعي، انگيزه‌ها و علل خود كشي، تهران، نشر چاپاك، چاپ اول 1366.
3- امجدي، گنجي، بررسي علل و عوامل خودكشي در استان كردستان، استانداري كردستان 1378.
4- طاهري حميد رضا، نوروزي، سعيد، مداخله در بحران خودكشي، بهزيستي.
5- پور افكاري، خلاصه روانپزشكي كاپلان.
6- وفايي، پروين، خودكشي در نوجوانان، بهزيستي.
7- برنامه‌ي پيشگيري از خود كشي در استان ايلام.
8- گزارش ملي خودكشي زنان.

## سپاسنامە:

لەگەڵ ڕێز و سپاس و پێزانیـن بۆ بەڕێزان «ئاغای فەرزاد حاجی میـرزایی»، «ئاغای ئارتیکاسی ئێقبال»، «خانم فەرید»، «خانم ئەمـجەدی»، «ئاغای گەنـجی»، «خانم شەریفی» و «خانم عەبدولکەوەند»، «ئاغای ئەردەڵان» و «ئاغای درووودگەر» و «خانم عەلایی» و سپاسی تایبەت بۆ «کاك عەتای نەهایی» کە بە نووسینی وتـاری «خۆکـوژی ژنان، رازی هەڵبژاردنی ئاگر» بیـری ئەم کارەی خستە زەینی من.